

# دادپەروەریی جەزایی لە یاسای سزای حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران (1324)

**شۆڕش کوردستانی**

## پێشەکی

بێگومان لە نێو دڵێ مێژوودا، گەلێ کارەساتی گەورە خۆیان حەشار داوە کە شەرح و باسی هەر کام لەم ڕووداوە دڵهەژێنانە، مەسنەوی حەفتامەنی و تۆ بگرە زیاتریشی دەوێ. لە گۆشە و کەناری ئەم دەریا بێ پایانەی ڕووداوە مێژوویەکان، هەوڵم لەسەر شی کردنەوەی یاسای سزای وڵاتێکی لە مێژینە وەگەڕ خستووە. ڕەوتی قانوون دانان بۆ دابینکردنی عەداڵەت و دادپەروەری و هەروەها نووسینی یاساگەلی تایبەت لەسەر تەختەبەردە کۆنەکانی جیهان و پەڕەکاغەزەکانی پاپیرۆس تەمەنێکی چەن هەزارساڵەی هەیە. شارستانییەتی مرۆڤ لە هەر دەورانێکا و بەستە بە جۆری حکوومەتەکان و ڕێبەرانیان، قانوونگەلی سزایی جۆراوجۆری بە خۆوە دیوە. کاتێ حکوومەتێکی دادپەروەر بە یاسای باش و هاسانگر دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە و کاتێکیش دەوڵەتێکی سەرەڕۆ، بە یاساگەلی دڕندانە لەسەر کار بووەو ئەم ئاڵوگۆڕیە حووکوومی و قانوونیانە لە زەمانی کۆمەڵەیاسای حەمورابی وەک کۆنترین سەرچاوەی یاسایی مرۆڤ، تاکوو ئێستا گەشەکردنێکی بەرچاوی هەبووە و ئەلانیش ئەم ڕەهەندە هەر بەردەوامە.

من وەک کوردێک هەوڵ دەدەم لەم پەرتووکەو لە درێژەی ئەم ڕەوتە مێژوویەدا، بە پێی هێز و توانام تیشک باوێژمە سەر یاساسزاییەکانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان کە کاتی دانانیان لەو کۆمارە پیرۆزەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری دەسەڵاتی نگریسی پاشایەتی لە ئێران. لێ ڕوانین و چاوخشاندنێکی مافناسانە بەم قانوونگەلەدا، باشتر دەتوانێ شۆناسەکانی دیمۆکڕاتیکی حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران وەدەر بخات.

**وشە سەرەکیەکان: دادپەروەری، یاسای سزا، قانوون، خودموختار، حکوومەتی کوردستان.**

## سەروتار

دادپەروەری جەزایی[1] لە سەردەمی نوێ و دەورانی هاوچەرخدا بۆ تەواوی حکوومەتەکان و لە بواری مافناسیدا، باسێکی یەگجار گرینگ و ناسراوە. بەرچاوترین مانا و واتای دادپەروەری جەزایی لە تەمیا و سزادانی تاوانباراندا خۆی دەنوێنێ. نوێنەکی دادپەروەری جەزایی بەم شێوازە تاریف کراوە: «چوارچێوەیەک لە بایەخ، ئامانج، ڕوانین و گریمانەکانە کە بناغەی ئیجرای دادپەروەری جەزایی پێک دێنێ، یانی با واتایەکی ڕۆشنتر پشت بەستن بە سزا و وێنەی سزادەرانەی ئەو لە کاتی ئیجرادا.»[2]

چەمکی دادپەروەری جەزایی لە هەر سیستەمێکدا بە پێی جۆری حکوومەت، باشی و خراپی تایبەت بە خۆی دەبێ و هەر بەم پێوەرە، حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێرانیش لە تەمەنی کورتی 330 ڕۆژەی دەسەڵاتداری خۆیا لەم ڕاستیە بەدوور نەبوە و توێژینەوەی ڕەوتی دادپەروەری جەزایی لەو چاخەدا، سەرجەمی لێکۆڵینەوەی من لە باسەکانی داهاتوودا لە خۆ دەگرێ.

حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ساڵی 1324 و دوای دوو شەڕی ماڵوێرانکەری جیهانی لە شاری سابڵاغ بنیات نرا. کەش و هەوای ئەو سەردەمەی ئیران بە هۆی ڕۆیشتنی ڕەزاشا و هاتنە سەرکاری کوڕەکەی، مەحەممەدڕەزاشای پەهلەوی زۆر ئاڵۆز بوو. دەستێوەردانی وڵاتانی یەکیەتی سۆڤیەت و ئینگلیز لە باکوور و باشوورەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان ئێرانیان کردبووە جێی ڕمبازێن، ئەوەندەی دی وڵاتی لە مەترسی خستبوو. ئینگلستان بە نیازی گەیشتن بە ئاوەکانی باشوور و لە بەرانبەردا یەکیەتی سۆڤیەت لە باکوور بە هومێدی وەچنگ خستنی سەروەت و سامانی نەوت و لەهەمان کاتا بڵاوکردنەوەی ئەندێشەی کۆمۆنیستی دژ بە سەرمایەداری و...، ئێرانیان کردبووە ئامانجی درێژخایەنی سیاسەتی دەرەکی خۆیان. سەرەنجام ئەڕتەشی ڕووس بە پشتگری کردن لە هێزە ناوچەییەکانی تورک و کورد لە ئازەربایجان و کوردستان هاتە مەیدانی ململانێ و بەربەرەکانێ سیاسی ئێرانەوە. ئاکامی ئەم پشتگریانەی ئەڕتەشی ڕووس و ویستی دەروونی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بۆ ڕزگاری لە زەبر و زەنگی ڕژیمی پاشایەتی، بووە هۆکاری سەرەکی دامەزرانی حکوومەتی خودموختاری ئازەربایجان لە تەورێز و حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە شاری سابڵاغ.

حکوومەتی خودموختاری کوردستان لە ماوەی کورتی دەسەڵاتیدا، گەلێ کاری پێویست و بناغەیی بۆ لەناوبردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بە ئەنجام گەیاند. یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی بەڕێوەبەرانی حکوومەتی کوردستان لەو ماوەدا، پێشنیاری جێبەجێ کردنی داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بە حکوومەتی ناوەندی ئێران و هەروەها دانانی یاسای سزای تایبەت بە حکوومەتی خودموختاری کوردستان بوو. قانوونێ کە دوازدە مادەی سزایی لە خۆ گرتووە و دوای تێپەڕبوونی نزیکەو 66ساڵ لەو ڕووداوە، نیونگایێ بەو یاسایانەدا بابەتگەلێکی نوێ بۆ چینی پێگەیشتووی کورد لە مەڕ دادپەروەری جەزاییەوە وەدەر دەخات.

---

1- Criminal justice.
2- Johnstone, Gerry: Restorative Justice, Ideas,Values, Debates, Willan publishing, 2002, U.S.A and Canada, page 15



www.helwist.com		مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەری هەڵوێست پارێزراوە

لەم نووسراوەدا و بە روانینێکی مافناسانەوە لێکۆڵینەوەم لەسەر دوازدە مادەی یاسای سزای حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران کردووە و تا ئەو جێگایەی بۆم کرابێ و بۆم گوونجابێ لە گەڵ یاسای وڵاتانی دەرەکی هەڵم سەنگاندووە. هەوڵم داوە لایەنی باش و هەروەها خەراپی یاسای سزای کوردستان پێشان خوێنەر بدەم تا لە ئاکامدا ڕادەی هاودەقی ئەم یاسایە لە تەک یاسای وڵاتانی دیکەی جیهان بە دەس بێ.[3]

**بەشی یەکەم**: ڕوانینێکی مافناسانە بە ئامانجەکانی کۆمەڵەی J.K پێش دامەزراندنی حکوومەتی خودموختاری کوردستان[4]

لە سەردەمانی ڕژیمی پاشایەتی، کوردەکانی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتاکانی ساڵی1322 بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی کوردی، بە نهێنی لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوون و بەرەبەرە ئامانج و بەرنامەگەلی تایبەتیان دیاری کرد.لێکۆڵینەوە لەم بەرنامانەو شی کردنەوەی ئەم بابەتگەلە، لە سەرەتای پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکافەوە تا سەردەمی ڕاگەیاندنی حکوومەتی کوردستان رەوتێکی ڕو بە پێشرەفت و پێشکەوتن خوازانە نیشان دەدا. باسێکی تایبەت لەبارەی ئامانجەکانی پێش دامەزرانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لەم بەشەدا، ڕاستی ئەم قسەیە باشتر بە خوێنەر دەنوێنێ.

لە دەسپێکی ئەم باسەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئەسڵی ئەساسی و بنەڕەتی مەرامنامەی کۆمەڵەی ژ.ک بەم جۆرە داڕێژراوە: «کۆمەڵەی ژ.ک لەسەر چوار ئەستوون و بناغەی سەرەکی ئیسلامییەت، کوردبوون، شارستانییەت، ئاشتی و تەبایی بنیات نراوە و تەواوی یاساکانی لەگەل شەرعی پیرۆزی ئیسلام دەبێ یەک بگرێتەوە و هەڤبەر بێ.»[5] بێگومان ئەم ئەسڵە ژێرخانی پتەوی پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ.ک بە حەساو دێ و کاریگەری تەواوی لەسەر دانانی قانوونی سزای کوردستان هەبووە کە چاوخشاندنێ بە یاساکانی دوای ڕاگەیاندنی حکوومەتی خودموختار ئەم هەقیقەتە دەسەلمێنێ و جێ پەنجەی لە هەموویاندا دیارە. ئەم ئەسڵە ڕێنوێنە بە جووانی دەری دەخات کە دامەزرێنەرانی ژ.ک بە هێنانی وشەی ئیسلامییەت، بە نیزامی ئیسلامی پشت ئەستوور بوون و هەوڵیان داوە هەر لەسەر ئەساسی ئیسلامییەت هەنگاو بنێنەوەو لەگەل دژبەرانیان بۆ لەناوبردنی گەندەڵی بەربەرەکانێ بکەن.

بەکاربردنی وشەی کوردبوون وەک یەکێ لە ستوونەکانی کۆمەڵەی ژ.ک، ئەندێشەی ناسیونالیستی نووسەرانی مەرامنامە وەدەردەخا و بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە هەستی نەتەوایەتی، گەورەترین ڕۆڵی هەبووە لە سەر پێکهاتنی تەواوی دامودەزگای حکوومەتی کوردستان و ڕاستی ئەم قسەیە لە بەندی سێهەمی[6] داخوزەکانی پێشنیاری ئەندامانی ژ.ک بە ڕوونی دەردەکەوێ.

شارستانییەت، ئاشتی و تەبایی گرینگترین وشەگەلێکن کە وەک دوو پایەی ئەسڵی خۆیان دەرخستووە و گوونجاندنیان لەم ئەسڵەدا بە مانای دیمۆکراتیک بوونی هزر و بیری بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ.ک لەو سەردەمانەدایە. لە یەکەم ژومارەی ڕۆژنامەی نیشتمان، دەستەواژەی شارستانییەت و ئاشتی بە باشترین شێوە بەیان کراوە و هاتۆتە ئاراوە:«... زۆرکەسان وا بیر دەکەنەوە کە میللەتی کورد دەبێ بە هێزی ئەسلەحە لە دیلی و کۆیلەتی ڕزگاری بێ، لەحاڵێکدا ئەم کەسانە لە ئیشتباداں و بە هەڵە چوون و ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە. ئەسلەحە و تەقەمەنی ئێمە لە چاو تۆپ و تانگ و بۆمبی دوژمن، کەسپوونێ زیاتر نییە. تاقە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی گەلی کورد، ڕێگای شارستانییەتە. تەنیا لەم ڕێگایەوەیە کە دەتوانین ئازادی و سەربەخۆیی بە دەس بێنین.»[7]

وشەگەلێ وەک شارستانییەت و ئاشتیخوازی لە کەش و هەوای نالەبارەی دوای شەڕی جیهانی دووهەم، دەفرایەتی پێشکەوتن خوازانەی کۆمەڵەی ژێکاف دەنوێنێ. دامەزرێنەرانی ژ.ک دەیانویست بە پشت بەستن بەم دەفرایەتییە بە هەموو دانیشتووانی ئێران ڕابگەیەنن کە کورد خوازیاری ئاشتی و تەباییە بۆ پێکەوە ژیان لە وڵاتێکی ئازادا. وڵاتێ کە لەودا هەموو دانیشتووانی بە یەکەوە ژیانێکی برایانەو بەدوور لە داڵغە ببەنە سەر و هێچکامێکیان نەتوانن دەسدرێژی بکەنە سەر مافی ئەوانیتر.

پێویستە لیرەدا ئاماژە بەم بابەتە بکەم کە لە پەنای ئەم ئەسلە بنەڕەتیە و پێش دامەزرانی حکوومەتی کوردستان، چەن داخوازێکی دیش لەلایەن ئەندامانی ژ.ک هاتە گۆڕێ و ئەم ویست و داواکاریانە پێشکەشی وەزیری فەرهەنگی حکوومەتی ناوەندی ئەوکات، ئاغای خەلیل فەهیمی کرا. چاوخشاندنێ بەم داخوازیانە، دەمانگەیێنێتە ئەو ئاکامە کە وردەوردە خەریکە ڕێگا بۆ پێکهاتنی حکوومەتێکی کوردی لە زەمانی سەرەڕۆیی پاشایەتیدا خۆش دەکرێ.

داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵەی ژ.ک بەم جۆرە بوون کە لە خوارەوە دێنە بەر باس.

1) لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی تەواوی ناوچە کوردەکان بناسرێ کە زیاتر لە سێ ملیۆن کەسن.

---

3-*پێویستە ڕوونی کەمەوە کە هەڵبژاردنی یاسای ئەم ولاتانە لەبەر ئەوە نەبووە کە ئەم وڵاتانە تەواو دیمۆکراتیکن و لەوانە باشترمان نییە، بەڵکوو تەنیا لە بەر ئەوە بووە کە یاساگەلێ هەڵبژێرم کە بتوانم هاودەقیەکەی لەگەڵ یاسای کۆمار، پێشان خوێنەر بدەم و هیچی تر. بۆ نموونە کاتێ باس لە یاسای سزای چین دەکرێ لەبەر دیمۆکراتیک بوونی ئەو وڵاتە نییە و تەنیا بۆ ئەوەیە کە خوێنەر بزانێ وێنەی ئەو یاسایە لە چ وڵاتێکا بەدی دەکرێ و دانەرانی یاسای سزای کوردستان چۆنیان کار کردووە و تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون.

4- Republic of Kurdistan.

5- خۆشحاڵی، بێهزاد، قاضی محمد و جمهوری در آیینه اسناد، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی فەردەوسی، هەمەدان، ساڵی 1380، ل 20.

6- بەندی3 : "مووچەخۆران و مەقامە ئیداریەکانی کوردستان دەبێ هەموو کورد بن."

7- خۆشحاڵی، بێهزاد، هەمان سەرچاوە، ل 21.


www.helwist.com    مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەری هەڵوێست پارێزراوە

2) زمانی کوردی، دەبێ زمانی خوێندن و زمانی ئیدارەکان و زمانی دادگاکانی کوردستان بێ.
3) مووچەخۆران و مەقامە ئیداریەکانی کوردستان دەبێ هەموو کورد بن.
4) پیتاک وماڵیاتێ کە لە کوردستان خڕ دەکرێتەوە، دەبێ بۆ دروسکردنی خەستەخانە و خوێندنگا و ئاوەدانی کوردستان خەرج بکرێ نە بۆ ڕازاندنەوەی شاری تاران.
5) ئەم داخوازیانە دەبێ لەپەرلەمان بێتە ئاراوەو لەیاسادا بگوونجێندرێ تامیللەتی کورد خاترجەم بێ.
6) ئەمانە داخوازیەکانی ئێستەی ئێمەن، بەڵام کۆمەڵەی ژ.ک بە بوونی بڕوای تەواو بە "دانانی مافی چارەنووس" وەک مافی سەرەتایی و سرووشتی هەر میللەتێ، بە پێویستی دەزانێ کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم لەم بارەوە وتووێژ بکرێ و بێگومان میللەتی کورد، خۆی مافی چارەنووسی لە داهاتوودا دابین دەکات.
7) کۆمەڵەی ژ.ک ئەم پێشنیارەی ڕاگەیاندووە و بەم پێیە هەرکاتێ بووە خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی، ئەوچەل حکوومەتی ئێران وەک دراوسێیەکی باش و بەرانبەر دەناسێ.[8]
لە دوو بەندی هەوەڵی ئەم بڵاوکراوەیە کە نووامبری ساڵی 1944 پێشنیار کراوە، ئەندامانی ژ.ک خوازیاری یەکێ لە سەرەتاییترین مافەکانی نەتەوەیی بوون کە هەمان مافی زمان(خوێندن بە زمانی زگماکی) و کارپێکردن بەو زمانە لە ئیدارەکانی کوردستانە، مافێ کە زۆربەی یاساگەلی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دانی پێ داناوە و سەلماندویەتی. لە ئاستی نێونەتەوەییدا مادەی 73 پەخشنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بۆ پارستن و زیاتر ڕەچاوکردنی مافی سرووشتی وڵاتگەلی فرەنەتەوەیی و نیوەخودموختار هان دەدا و دڵگەرمیان دەکا. مادەی73 لەم بارەوە نووسیویە: «ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەرپرسایەتی ئیدارەی وڵاتانی نیوەخودموختاریان وەئەستۆیە، دەبێ ئەسڵی قازانج و سوودی دانیشتووانی ئەم وڵاتانە بە ڕەسمی بناسن...
1- بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی دانیشتووانی هەر وڵاتێک سەرکەوتنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فێرکاریەتی(هەڤووتی) ئەوان دابین بکەن...»[9]
جەخت لەسەر پێویستی ڕەچاوکردنی مافی زمانی لە زوربەی قانوونگەلی میللیشدا دەبینرێ. بۆ نموونە ئەسڵی3 یاسای بنەڕەتی وڵاتی ئیسپانیا دوای ناساندنی زمانی ئیسپانیۆلی وەک زمانی ئەسڵی لە مادەی دووهەمیدا دەڵێ: «زمانەکانی دیکەی ئیسپانیا لە ناوچەکانی خودموختاری تایبەت بە خۆیان و لە چوارچێوەی ئاییننامەکانی خۆیاندا ڕەسمی دەبن.»[10] هەر لە درێژەی ئەم ئەسڵەدا مادەی سێهەم بە پێداگری لەسەر گرینگی مافی زمان نووسیویە: «زمانەکانی جۆراوجۆری ئیسپانیا میرات و کەلەپووری کۆمەڵایەتی ئیسپانیا بە ئەژمار دێن و لە ڕێز و حورمەت و پاراستنی تەواو بەهرەمەند دەبن.»[11]وڵاتی ئیتالیا لەم بارەوە لە ئەسڵی6دا هێناویەتی: «کۆمار بە پێی یاسای تایبەت، کەمایەتیە زمانیەکان دەپارێزێ و پاسەوانیان لێ دەکات.»[12]
هەروەک ڕوونە و دەبینرێ ئەندامانی ژ.ک لە بەندی یەکەم و دووهەمدا خوازیاری مافێ بوون کە لەلایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بە ڕەسمی ناسراوە. ئەوان لە سەردەمی ڕاگەیاندنی ئەم داواکاریانەدا، بە ئیمانێکی پتەو بەو ڕاستییە کە ماف تا نەسێنرێ نادرێ، لە چوارچێوەیەکی تەواو قانوونی و دیمۆکراتیکا هەنگاویان ناوەتەوە.
لە بەندی سێهەمی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ژێکافدا هاتووە کە دەبێ تەواوی مووچەخۆرانی کوردستان کورد بن. هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەم بەندە، تەواو جێ پەنجەی ئەندێشەیەکی تۆخی ناسیونالیستی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکافی پێوە دیارە. ڕاڤەی ئەم بەندە کە؛ هەموو مووچەخۆران و کارمەندانی کوردستان دەبێ کوردزمان بن، تۆزێ ئەستەمە و ڕەنگە نەتوانین بەڵگەیەکی مافناسانەی بۆ بێنینەوە، بەڵام پێویستی بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم بەندە، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لە تەک ئەسڵ و پایەی "کوردبوون" وەک یەکێ لە ستوون و کۆڵەکەکانی بنەڕەتی کۆمەڵەی ژ.ک و دواتریش حکوومەتی خودموختاری کوردستان. ئەم ئەسڵە تەنانەت لە ئەندامگرتنی کۆمەڵەی ژێکافیشدا بە ئاشکرایی خۆی نوواندووە و پێڕەو کراوە. یانی کەسێ توانیویە ئەندامەتی کۆمەڵەی ژ.ک وەرگرێ کە دایک و باوکی کورد بن و هەڵبەت ئەوانەی کە دایکیان ئاشووریە جوێ کراونەتەوە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندیەکانی نزیکی نێوان کورد و ئاشووری.[13]
بە ڕای من لە شی کردنەوەی ئەم بەندەدا نابێ لە یاد بکەین کە بوونی ئاوەها مەرجێ، بە لە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی کاتی و مێژوویی ئەوسەردەمە، پێویست بووە تا بەم شێوازە لە خۆخزاندنی ڕاسپاردەکانی ئەڕتەشی پاشایەتی کە هەڕەشەیێ بۆ ژ.ک و بە گشتی کوردستان بوو، پێشگری بکردرێ.

---

8- مستەفا ئەمین، نەوشیروان، حکوومەتی کوردستان، وەرگێرانی سمایل بەختیاری، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی،2005، ل64.

9-Members of United Nations which have or assume responsibilities for the administration of territories whose peoples have mot yet attained a full measure of self-government recognize the principle that the interests of the inhabitants of these territories are paramount...
A) To ensure,with due respect for the culture of the peoples concerned, their political, economic, social, and educational advancement

10-The other languages of Spain will also be official in the respective autonomous communities, in accordance with their Statutes.

11- The richness of the linguistic modalities of Spain is a cultural patrimony which will be the object of special respect and protection.

12- The Republic protects linguistic minorities by special laws.

13- عەبدی، سولەیمان، لێکۆڵینەوەی فاکتەرەکانی کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەر دامەزران و ڕووخانی کۆماری مەهاباد، تێزی ماستەر، زانکۆی ئازادی ئیسلامی تاران، ساڵی 1384، ل 194.


www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

بەندی چوارەمی ڕاگەیەندراوی ژ.ک ئاماژەی بە سوودی وەرگیراو لە پیتاک وماڵیاتی کوردستان کردووە کە دەبێ بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەگەلی کوردستان خەرج بکردرێ. بێگوومان تەرخان کردنی پیتاکی وەرگیردراو لەو ناوچانە بۆ ئاوەدان کردنی شار و شارۆچکەکانیان، دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی هەرچی زیاتری ئەو ناوچانە لە تەواوی بوارەکانی کەلەپووری، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و... کە لە جێی خۆیدا هەنگاوێکی زۆر گرینگە بۆ هاوسانی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا. بۆ نموونە ئەگەر بەشێک لە بووجەی وڵاتی ئێران بە بێ جیاوازی، بۆ بواری فێرکاری و زانستی کوردستان تەرخان بکرێ بێگوومان خەڵک لە باری فەرهەنگییەوە سەرکەوتووتر دەبن و هەروەها مافەکانیان دەناسن و بە دڵنیاییەوە وێڕای سەرجەم نەتەوەکانی ئێران زیاتر لە خزمەتی سەرکەوتنی وڵاتیاندا دەبن.

بەندەکانی پێنج و شەش و حەوتی بڵاوکراوەی ژ.ک، بە گشتی جەخت لە سەر پێویستی گوونجاندنی ئەم داواکاریانە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دەکەن. نووسران و گوونجاندنیان لە یاسادا بە مانای فەرمی بوونیانە، ڕەسمی بوونێ کە دەتوانێ ببێتە مایەی خاترجەمی نەتەوەی کورد.

دابین کردنی چارەنووس بە دەستی خۆ و هەنگاونان بۆ داهاتوویەکی ڕوون و باشتر، مافی سرووشتی هەر میللەتێکە و کوردیش وەک هەموو گەلانیتر بە داواکردنی ئەم مافە چ ئەوکات و چ ئێستاکە، هیوادارە کە بتوانێ دراوسێیەکی بەکەڵک و باش بێ بۆ ئێران. ئەوەش هەقیقەتێ دەسەلمێنێ کە کورد، هیچکات بە دووی ئاژاوەنانەوە و تێکدانی وڵات نەبووە و نییە و ئەگەریش داواکردنی مافی سرووشتیمان لە ڕێگای وتووێژی ئاشتیخوازانەوە، بە مانای تێکدانی هێمنایەتی و لێکترازاندنی ڕیزەکانی پاوانخوازانە، دەبێ نەیارانی ئازادی گەلان ئەوە لەیاد نەکەن کە نەتەنیا کورد، بەڵکوو هەموو نەتەوەکان مافی ڕەوای خۆیان دەوێ. ڕەوتی مێژوو نیشانی داوە کە سەرەنجام دیکتاتۆرییەت و سەرەڕۆیی لە بەرانبەر شەپۆلی ڕق و تیغی نەفرەتی جەماوەریدا سەر دادەنەوێنێ و شەرت و گوم دەبێ.

دابینکردنی مافی چارەنووس بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی سرووشتی مرۆڤە و ئەمڕۆکە بەم پێوەرە زۆربەی یاساگەلی جیهانی، مافی بەشداری هەمەلایەنە لە دیاریکردنی چارەنووسیان سەلماندووە. ئەسڵی2 یاسای بنەڕەتی ئیتالیا «مافی بێ ئەم لا و ئەولای مرۆڤ چ لە باری مافی تاک و چ لەمەڕ تەشکیلاتی(ڕێکخراوە)گشتییەوە کە کەسایەتی مرۆڤ لەواندا شکڵ دەگرێ، بە ڕەسمی دەناسێ و دەستەبەری دەکا و حکوومەتیش خوازیاری یەکگرتوویی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگایە.»[14] بەندی دووهەم لە ئەسڵی 9 یاسای بنەڕەتی ئیسپانیا لەمەڕ دیاریکردنی مافی چارەنووسدا هێناویەتی:«ئەرکی سەرشانی دەوڵەت، پاراستنی ئازادی و هاوسانی تاکەکانی حەقیقی و حقووقی وڵاتە و پێویستە حکوومەت هەلومەرج و بارودۆخی تایبەت بۆ بەشداری گشتی شارۆمەندان لە بواری سیاسی، ئابووری، کەلەپووری و کۆمەڵایەتی پێک بێنێ.»[15] هەر لەم بابەتەوە ئەسڵی77 یاسای بنەڕەتی وڵاتی فڕەنسا نووسیویە:« لە یەکیەتییەک کە بە پێی یاسای بنەڕەتی دادەمەزرێ، دەوڵەتەکان لە مافی خودموختاری بەهرەمەند دەبن و ئیدارەی کاروباری ناوخۆ، بە شێوازێکی ئازاد و دیمۆکراتیک وەئەستۆی خۆیانە...»[16]

ئەمانە وێنەگەلێکن کە نیشاندەری قانوونی بوونی داواڕەواکانی ئەودەمی ژ.ک و ئێستاکەی گەلی کوردن لە هەر چوارپارچەی کوردستان. بە پێوای من هیچکام لە داخوازیەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لەو دەورانە، بە دوور لە هەقیقەتی ژیانی ئینسانی نەبوون و تەنانەت بەگشتی هاودەقن لە گەڵ یاساکانی نەتەوەیی و نیونەتەوەیی وڵاتانی دیمۆکراتیک و قەبووڵ نەکردنیان لە لایەن حکوومەتی پاشایەتیەوە، بێجگە لە سەرەڕۆیی ناوێکی دیکەی لێ نانرێ.

**بەشی دووهەم:** شی کردنەوەی یاسای سزای حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران

ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک پێش ڕاگەیاندنی کۆمار، لە مانگی سەرماوەزی ساڵی 1324 مەرامنامەیەکی 22 بەندیان داڕشت و خەڵکی کوردستانیان لەم دۆزنامەیە ئاگادار کرد. کاریگەری و ڕۆڵی سەرەکی یەکیەتی سۆڤیەت لە داڕشتنی ئەم دۆزنامەیەدا بە ڕوونی دیار بوو. بەرچاوترین کاریگەری ئەڕتەشی سوور لە داڕشتنی مەرامنامەدا دەگەڕاوە بۆ گۆڕینی ناوی ژ.ک بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.[17] خاڵەکانی گوونجێندراو لە مەرامنامە، حوکمی یاسای بنەڕەتی بۆ کوردستانی هەبوو. قانوونێ کە زۆربەی پێویستیەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، حقووقی، ئابووری و... کوردەکانی بە شێوازێکی ڕێک و پێک لەخۆ گرتبوو. دوای بڵاوکردنەوەی ئەم دۆزنامەیە و تەنیا بە ماوەی دوو مانگ دوواتر لە ڕێکەوتی 1324/11/2 ڕێبەرانی کورد لە شاری سابڵاغ بە شێوازێکی ڕەسمی کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند.

بێگوومان کۆماری کوردستان، حکوومەتێکی دی ئەکتیڤ بوو و قانوونێکی بۆ دانەندرابوو. لە یاسای بنەڕەتی ڕژیمی شادا باسێکی لێ نەکرابوو و خودی کوردەکانیش لەم بارەوە یاسایەکیان دانەنابوو، هەر بۆیەش جۆرێ ئاڵۆزی سیاسی و ئیداری بە سەر دام و دەزگاکانی حکوومەتی کوردستاندا زاڵ بوو.[18] لەم بارۆدۆخە ناسکەدا

---

14- The republic recognizes and guarantees the inviolable human rights, be it as an individual or in social groups expressing their personality, and it ensures the performance of the unalterable duty to political, economic, and social solidarity.

15- It is the responsibility of the public power to promote conditions so that liberty and equality of the individual and the groups he joins will be real and effective.

16- In the community instituted under this constitution, the states shall enjoy autonomy; they shall conduct their own administration and manage their own affairs democratically and freely...

17- Democratic party of the Kurdistan

18- مستەفائەمین، نەوشیروان، سەرچاوەی پێشوو، ل146.



www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

هەست بە نەبوونی سیستەمێکی قانوونی لە بواری سزایی، مەدەنی، ئیداری و... دەکرا و بێگومان پێکهێنان و پەسەندکردنی قانوونگەلێ لەم تەوەرانەدا، هێزی سیاسی و ڕەوایەکی یەگجار زۆری بە حکوومەتی کوردستان دەبەخشی. بە ڕای من گەورەترین کاری کۆماری کوردستان لە بوار ڕێکخستن و تەشکیلاتی حکوومیەوە، پەسەندکردن و دانانی یاسای سزایی بوو. ئەم کارە گرینگە هیچکات بە شێوازێکی گردوکۆ بڵاو نەکرایەوە، بەلکوو تەنیا چەند ڕا و ئەویش جیاجیا قانوونەکان پەسەند دەکران و دەهاتنە ئاراوە. بۆ نموونە لە 1324/11/24 سەرۆک وەزیری ئایینی کوردستان حاجی بابەشێخ لەمەڕ سێ بابەتی گرینگی کۆمەڵایەتی، سێ بڕیاری جیاوازی دەرکرد و دوای بەینێک ئەمجار کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی 1325/2/1 یاسای سزای حکوومەتی کوردستانی بە نۆ مادەوە ڕاگەیاند.
لە ئەنجامی توێژینەوە و ڕاڤەی ئەم دوازدە مادە قانوونیە بە شێوازێکی بەراوردی، باشتر دەتوانین هێزوپێزی سیستەمی یاسادانانی کوردستان هەڵسەنگێنین.
یەکەم مادەی سزایی کۆماری کوردستان تایبەت بوو بە گرفتی کۆمەڵایەتی ئەوکاتی وڵاتی کوردەواری لەمەڕ ڕەدووکەوتنی کیژان و ژنان کە ئەمڕۆ باوی نەماوە. ڕەدووکەوتن یان هەڵگیران، ئاکامی خراپی خۆشەویستی نیوان دوو دڵدار بوو کە بۆ گەیشتن بە یەک،زۆر کۆسپی گەورە وەک ناڕازی بوون و دژایەتی کردنی دایک و باوکانیان لەسەر ڕێ بووە و بۆ چارەسەری ئەم گرفتە نێونجیگەری خزم و کەسانیش کاریگەر نەبووە. لەم ساتانەدا دوو خۆشەویست پێکەوە قەول و قەراری ڕۆیشتن دادەنێن تا دوور لە زێدی خۆ و لە جێیەکی دیکە و بە دوور لە دڵەڕاوکێ، ژیانی هاوبەش پێک بێنن. ئەم دیاردە خراپە زۆرجاران دەبووە هۆکاری شەڕ و پێکدادانی نێوان بنەماڵەکان و تەنانەت جاروبار دوورکەوتنەوە و تەریک مانەوەی هەتاهەتایی دوو دڵداری بە دواوە بوو.
مادەی یەکەمی یاسای سزای کوردستان لەم بارەوە نووسیویە:«ڕەدووخستنی(هەڵگرتن) ژنان و کچان قەدەغەیە. بە پێی قانوونی پەسەندکراوی لێژنەی میللی کوردستان هەر پیاوێ کە ژنی مێرددار هەڵفریوێنێ سزای سێدارەی بەسەردا دەسەپێ،بەڵام ئەگەر کەسێ خوازبێنی لە کچێ بکات و کچەش ڕازی بێ و گرفتێکی شەرعی لە نێواندا نەبێ، تاوانێ بەسەر کەسا ناسەپێ، ئەگینا لە غەیری ئەم حاڵەتەدا سێ مانگ تا سێ ساڵ سزا بە سەر تاوانباردا دەسەپێندرێ.»
هەوەل بابەتێ کە لە مادەی یەک بە ڕوونی دەردەکەوێ، دابینکرانی سزای قورسی سێدارەیە بۆ بەرگری لە ئەنجامی ئەم تاوانە. سەپاندنی سزای سێدارە بۆ هەڵخەڵەتاندن یان هەڵگرتنی ژنانی مێرددار، هەڵبەت نە لە مانای تاواناسیدا(ڕفاندنی بنیادەم)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەندێشەی ئایینی حاجی بابەشێخ و زۆربەی ئەندامانی کابینەی کۆماری کوردستان. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، سزای سێدارە(ئەگەر مابێ) بۆ تاوانگەلێ یەگجار قورس و سامناک تەرخان کراوە و ئەویش لە کاتێکدا کە حکوومەت ڕێگایەکی ئەوتۆی بۆ بەربەرەکانێ و لەناوبردنی تاوان نەماوە، کەچی هەروەک دەبینرێ هەڵفریواندنی ژنان لە کۆماری کوردستان سزای سێدارەی بۆ داندراوە. پێویستە بێژم لە ڕوانگەی مافناسییەوە ئەنجامی تاوانی ژن هەڵگرتن، هیچکات تاوانێکی گرینگ بە ئەژمار نایێ لەچاو تاوانگەلی سامناکی دژی گیان یان دژی هێمنایەتی وڵات، ڕەشە کوژی، بارمتەگرتن و... کە پتر سزای سێدارەیان بۆ دابین دەکرێ و ئەویش نە لە هەموو وڵاتان.
لە ناوەرۆکی مادەی یەک وا دەردەکەوێ کە کاری هەڵفریواندنی ژنی مێرددار چ بە نیازی زەماوەند بێ یان وەدیهێنانی هەر نیازێکیتر، سزای سێدارەی هەیە و هەرچەند لەم بارەوە مەبەستی مادەیی یەک ڕوون و ئاشکرا نییە.
بەشی ئاخری مادەی یەک ئاماژەی بە حاڵەتێ کردووە کە لەودا تاوانبار کچێ هەڵدەگرێ و لێرەدا کچی هەڵگیراو ڕەزامەندی لەسەر شووکردن نییە و ئەم کارەی تاوانبار کە وێدەچێ ڕفاندن بێ سزای سێ مانگ تا سێ ساڵی بۆ داندراوە بەڵام بە بۆچوونی من ئەم مادە هیچکات ناتوانێ تاوانی ڕفاندن لە خۆ بگرێ. هەر لەم بوارەدا ئەگەر کچە ڕازی بە ژیانی هاوبەش لەگەڵ کورەدابێ و گرفتێکی شەرعی(ئایینی) لە نێواندا بۆ پێوەندی هاوبەش نەبێ، ئەنجامدەر سزایەکی بەسەردا ناسەپێ، ئەم بابەتە هەنگاوێکی گرینگە بۆ ڕێزگرتن لە بیروڕای شارۆمەندان و هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەش و دەبێ لەم ڕوانگەوە شی بکرێتەوە.
مادەی دووهەم کە کاتی خۆی، سەرۆک وەزیر و شاندی باڵای حکوومەتی خودموختاری کوردستان بۆ لابردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا پەسەندیان کرد بەم جۆرە بوو: «کابینەی وەزیران ڕادەگەینێ کە لە زەمانی دەرکردنی ئەم قانوونەوە، دەبێ ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی بە پێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام بەڕێوە بچێ.خەرج و بەرجی میوانداری بە هیچ جۆرێ نابێ بکەوێتە سەر شانی بنەماڵەی کۆچ کردوو. مەراسیمی سەرەخۆشی دەبێ لە نزیکترین مزگەوت بە گەرەکی ماڵی کابرای کۆچ کردوو، بە دوور لە داب و دەستوور و لە ڕۆژێکدا بەڕێوە بچێ. ئەم بڵاقۆکە پێویستە لە تەواوی شار و دێهاتەکانی کوردستان بەڕێوە بچێ.»
دانانی ئەم حووکمە، پێش ئەوەیکە بە تاوان زانینی کارێکی ناڕەوا و غەیرەقانوونی بێ بە پێی نووسراوەی سەرەوە تەنیا بڵاڤۆکێکە بۆ گورینی شێوازی بەڕێوەبردنی سەرەخۆشی و لابردنی خەرج و بەرجی میوانداری لە کاتی پرسەدا، کە ئەرکێکی زۆر دەخاتە ئەستۆی بنەماڵەی خاوەن سەرەخۆشێ. ئەم بڕیارە، قانوونێکی سزایی بە حەساو نایێ و بەڵگەی ڕاستی قسەکەشم، نەبوون و دابین نەکرانی سزایەکی تایبەتە بۆ کەسانێک کە ئەم بڕیارە پێرەو نەکەن. بە واتایەکیتر ئەم مادەیە زۆرتر پەند و ئامۆژگاریە و بۆ لە ناوبردنی ڕوسمە هەڵەکانی نێو


www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

کۆمەڵگا داندراوە کە هاووڵاتیانی فەقیر و نەدار یان کەم دەرامەد تووشی گرفتاری ماڵی دەکات تا بەم جۆرە لە باری ئەم هەمووە خەرجە نابەجێیە بەرگری بکرێ. بۆ سەلماندنی قسەم دەڵێم کە نەبوونی هیچ مادەیەکی سزایی لەم بارەوە لە یاسای وڵاتانی دەرەکی، نیشاندەری سزایی نەبوونی مادەی دووە و گوونجاندنی لە نێو یاسای سزادا زیادییە.

بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن دوو تاوانی دیکەن کە ئەندامانی کۆماری کوردستان ئاماژەیان پێداوە. لە مادەی سێهەمدا نووسراوە: «بە پێی قانوونی پەسەندکراوی کابینەی وەزیران، بە تەواوی بەرپرسان و خەلکی کوردستان ڕادەگەیەنرێ کە هەرکەس، بە هەر ناو(بیانوو) و لە هەر تەمەنێکا بیەوێ بە دانی بەرتیل بە ئامانجەکانی بگات، لە بەرانبەر میللەتدا بە تاوانبار دەناسرێ. سزای کەسانێ کە بەرتیل دەدەن یان وەری دەگرن لە دە ساڵەوە تا ئێعدام بە پێوەری ڕادەی تاوان لێک دەدرێتەوە و دابین دەکرێ.»

بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن لە تاوانەکانی دژی هێمنایەتی وڵاتە کە لە بەین بردنی دڵنیایی و تێرادیوی شارۆمەندان بە دەزگاکانی حکوومەتی، دوو ئاکامی هەرە خراپیەتی و لە درێژخایەندا دەبێتە هۆکاری سەرەکی گەندەڵی ناو سیستەمی بەڕێوەبەر. پەسەندکردنی ئەم مادەیە نیشاندەری بارودۆخی نالەبار و نابەسامانی ناوەندە ئیداری و تەشکیلاتیەکانی دەورانی پاشایەتییە لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی پاشایەتیدا گەندەڵ بار هاتبوو.

بە ڕای دانەرانی یاسای سزای کوردستان، بەرتیل دان یان بەرتیل وەرگرتن تاوانێکە کە پێویستی بە ئامانج نییە واتە نیازێ نییە کە حەتمەن دەرەنجامی هەبێ یان بە ئاکام بگا و تەنیا خودی دان و وەرگرتنی بەرتیل تاوانە ئەگەرچی بە ئاکامیش نەگات.

لە مەتنی مادەی سێدا، نیازی دەروونی بەرتیل دان یان ویستی وەرگرتنی بەرتیل دوای سەلماندنی بە پێی قانوون، بە تاوان ناسراوە. سەلماندن و پاوەجێ کردنی بیر و ئەندێشەی بەجێگەیاندنی تاوانێ(ئەنجامی تاوان) کە هێشتا ئەنجام نەدراوە زۆر دژوارە و سزادانیان بە مانای سزای بیری شاراوەی دەروونی شارۆمەندانە کە دەبێتە هۆکاری سەرەکی وەمەترسی کەوتنی ماف و ئازادی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و بێگومان لەگەڵ هیچکام لە ستانداردەکانی دیمۆکراسییەت و مافی مرۆڤ هاودەقی نییە و نایخوێنێتەوە. هەرچەند کە بۆ جەزادانی ویستی دەروونی کەسانێ کە بیانەوێ بەرتیل بدەن یان بەرتیل وەرگرن، لە مادەی سێهەمدا سزایەک دانەنراوە.

نووسینی دەستەواژەی(لە هەر تەمەن)دا ڕەخنەیەکی دیکەیە کە لەمەڕ مادەی سێ باسی دەکەم. لە توێژینەوەی مافناسیدا ئەم دەستەواژەیە چوارچێوەیەکی بەرفرەوان بەخۆوە دەبینێ کە لەگەڵ یاساکانی نێونەتەوەیی پاراستنی مافی مرۆڤ و تەنانەت ئەقڵانییەتی دونیای ئەمڕۆ یەک ناگرێتەوە. لە تەواوی سیستەمەکانی پێشکەوتووی مافناسی جیهاندا، منداڵان بۆ ئەنجامی تاوان سزا نادرێن و لە واقیعدا بە تاوانبار ناناسرێن. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان تەمەنێکی تایبەت دیاری دەکرێ بۆ بە تاوان زانینی کاری تاوانباران و کەسانێ کە تەمەنیان کەمتر لەو سنوورە دیاریکراوە بێ و کارێکی ناڕەوا ئەنجام بدەن بەرپرسیار نین. لە قانوونی سزای ئینگلستان و فەرەنسا، منداڵان لە کاتی ئەنجامی تاواندا ئەگەریش قۆڵبەست کرێن بە تاوانبار ناناسرێن و تەنیا بۆ ماوەیەک لە ژێر چاوەدێری دەرمانیدا دەبن.

نابێ لە یاد بکرێ کە ئەوە ئەسڵێکی گرینگی مافناسیەوە و لە وڵاتانی پێڕەوی نیزامی ڕۆمی- ژێرمن و کامێنلا ڕەچاو دەکرێ، کەچی پانتایی مادەی سێی یاسای سزای کوردستان سزادانی منداڵانیش لەخۆ دەگرێ. جیاوازی بەرچاوی قانوونی سزای کوردستان لە هەمبەر یاسای وڵاتانی دیکە لەم بابەتەدا بە روونی بەدی دەکرێ.

باسێکی گرینگی تر لە مەڕ سزای داندراوی قانوونی، بۆ تاوانی بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتنە. هەر لە سەردەمانی کۆنەوە ئەم تاوانە سزای قورسی بۆ داندراوە. یاسای کوردستان، سزای ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەی لە دەساڵەوە تا ئیعدام بەستە بە کاری کابرای بەرتاوان دابین کردووە. هەرچەند سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر کەسانێ کە بەرتیل دەدەن یان وەردەگرن قورسە، بەڵام کاری لێژنەی یاسادانەرانی کوردستان لەمەڕ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دەرەکی و ناوەکی ئەنجامی تاوان یان بە وتەیەکیتر ڕەچاوکردنی ئەسڵی هاوڕێژەیی تاوان و سزا، جێگای ڕێزە. ئەم کارە هەنگاوێکی زۆر گرینگە لە بوار پێرەوکردنی سیاسەتی فەردی کردنی(تاکیەتی)سزاکان لە یاسای جەزاییدا.

بۆ هاودەقی ئەم بابەتە مادەی 386 یاسای سزای کۆماری خەڵقی چین باس دەکەم کە لە بارەی هاوڕێژەیی تاوان و سزای بەرتیل وەرگرتن، بە پێی گرینگی کار و هەلومەرجی ئەنجامی تاوان، سزای نەغدی 5000 تا 100000 یوئان و کاتی واشە سێدارە و زەوتی ماڵ و سامانی دابین کردووە. قانوونی چین لەمەڕ سزای بەرتیلدەر، سزای بەندی کورت خایەن لە پێنج ساڵەوە تا دە ساڵ و برێک جاریش بەندی هەتایی(زیندان) و زەوتی ماڵ و سامانی پێشنیار کردووە و گشتی ئەم سزایانە شیاوی کەم کردن و پاشکەوتن هەن.[19] لەکۆتاییدا دەڵێم کە ئەم

19- حەججاریان، محەممەدحەسەن، یاسای سزای خەڵقی چین، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی مەجد، تاران، ساڵی1385، ل159.



www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

یاسانە تا ڕادەیەک هاودەقی ڕێژەیی قانوونی سزای کۆماری کوردستان لەتەک یاساگەلی سزایی وڵاتانی دیکە نیشان دەدا.
دوا بە دوای دەرکردنی ئەم سێ بڕیارە سزاییە لە لایەن حاجی بابەشێخی سەرۆک وەزیر و هاوکارانی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە دەستووری ژومارە 1607-1325/2/1، نۆ مادەی سزایی دیکەیان پەسەند کرد[20] کە لە درێژەی ئەم باسەدا بە پێی توانا شی دەکەمەوە.

مادە 1)سزای سیخوری سێدارەیە، بەڵام ئەگەر سزای تاوانەکە کەم کراوە، تەواوی ماڵ و سامانی بەرتاوان لەلایەن دەوڵەتەوە دەسی بەسەردا دەگیرێ و لە شەش مانگەوە تا بەندی هەتایی بەسەر تاوانباردا دەسەپێ.
لە یاسای سزای پەسەندکراوی ساڵی1325 حکوومەتی کوردستان، سیخوری کە لە تاوانەکانی دژی هێمنایەتی وڵاتە تەنیا یەک مادەی بۆ تەرخان کراوە و سزای سێدارەیان بۆ داناوە. هەلومەرجی سیاسی کوردستان لە زەمانی دەسەڵاتی پاشایەتی، ڕادەی گرینگی ئەم تاوانە و هەروەها وێچوونی سیخوری کردن لە لایەن هەوادارانی ڕژیمەوە بە زەرەری کۆماری تازەپێگرتوو، دانەرانی یاسای سزای کوردستانی هان داوە تا لە پێش هەر کارێکدا سیخوری وەک تاوانێکی گەورە بناسێنن.
سیخوری لە مادەی یەکەمدا تاریف نەکراوە و لێکدانەوەی ئەم بابەتە کە چ کارێ بە سیخوری دەژمێردرێ و سیخوری لەڕاستیدا چییە وەئەستۆی دادوەری دادگایە کە دەبێ بڵێم ئەم لێکدانەوەیە، دەسی دادوەر لە سەپاندنی یاسای سزا بە سەر تاوانباراندا دەکاتەوە و لەڕاستیدا مەترسییەکە بۆ سەر مافی کەسانی بەرتاوان.
لە مادەی یەکەمدا هاتووە کە ئەگەر بەڵگە بۆ کەم کردنەوەی سزای تاوانباران لە گۆڕێدا هەبێ سزای سێدارە جێی خۆی دەدا بە داگیرکردنی ماڵ و بەندکردن، بەڵام ئەوەیکە کەم کردنەوەی سزای تاوانبار بە پێی کام مادە یان یاسای سزایی و بە چ پێوەرێک و تا چ ڕادەیەک دەبێ، دیاری نەکراوە و وێدەچێ ئەویش بە ڕا و بۆچوونی دادوەری لێکۆڵەری پەروەندە(دۆسیە)بەسترابێتەوە.
بابەتێکی زۆر گرینگ کە شیاوی باسە و بە تەواوی هاودەقی هەیە لەگەڵ شێوازی قانوون نووسین و یاسادانان و بە جووانی لە یاسای سزای کۆماری کوردستاندا گوونجاوە، بەکاربردنی وشەی بەرتاوانە بە جێی تاوانبار لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی لێکۆڵینەوەکانی سەرەتایی تا کاتی دەرکردنی بڕیاری کۆتایی لە لایەن دادوەری دادگاوە.
کەسێ کە بە تۆمەتی ئەنجامی تاوان قۆڵبەست کراوە هەر لەو کاتەوە تا زەمانێ کە بڕیاری کۆتایی دەردەکرێ بەرتاوانە و تاوانبار نییە. بەڵگەی ڕوونی قسەم ئەمەیە کە هەردەم چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە لە نەبوونی بەڵگەی تەواو و شیاو، کابرای بەرتاوان ئازاد بکرێ و جیا لەم باسەش دەبێ ئاماژە بەوە بدەم کە لە ڕوانگەی مافناسییەوە لە قۆناغی سەرەتایی و پێش سەلمانی تاوان، لکاندنی ناوی تاوانبار بەسەر هەر کەسدا ئاکامی باشی نابێ و دەتوانێ کۆسپێکی گەورە بێ لە سەر ڕێگای گەڕانەوەی کەسانێ کە فحێل دەبن و بێ تاوانیان دەسەلمێندرێ.(دژواری گەڕانەوەی بێ تاوان بۆ باوەشی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی مافناسیدا)
قانوونی دادپرسی و سزایی بەعزە وڵاتێ ئەم جیاوازیە گرینگەیان ڕەچاو نەکردووە. بۆ نموونە مادەی یەکەمی قانوونی ئایینی دادپرسی سزایی ئێران نووسیویە:«ئایینی دادپرسی سزایی کۆمەڵە ئووسول و پێوەدانێکە کە بۆ دەرخستن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکان و شوێنگری تاوانباران و چلۆنایەتی لێپرسینەوە و دەرکردنی حوکم و پیداچوونەوە و ئیجرای بڕیارەکان و دابین کردنی ئەرک و کاری مەقامات و پایەدارانی دادوەری داندراوە.»
لەم مادەیەدا بەکاربردنی وشەی شوێنگری تاوانباران بە دوور لە ڕەخنە نییە، چوون کەسێ کە تۆمەتی ئەنجامی تاوانێ دەدرێتە پاڵی تا زەمانێ کە لە تاوانی بەسەرداسەپاوی تێنەگەیێندرێ، شکایەت لێکراوە و تەنانەت دوای تێگەیاندنیشی ئەو کەسە بەرتاوانێکە و بەس. تەنیا کاتێ کە بڕیاری مسۆگەری کۆتایی دوای سەلماندنی تاوان لەلایەن دادوەرەوە دەردەکرێ وشەی تاوانبار مانا بە خۆوە دەبینێ. مافناسانی ئێران ئاماژەیان بەم ڕەخنەیە کردووە.
ئاکامی ئەم باسە دەمانگەیەنێتە ئەم ڕاستییە کە جیاوازی وشەکان و بەکاربردنی هەرکامیان لە جێی تایبەت بە خۆی، یەکێ لە فاکتەرە سەرەکیەکانی نووسینی قانوونە کە لە تەواوی یاسای سزای کوردستاندا بە چاکی ڕەچاو کراوە و لەم بوارەدا یاسای کوردستان سەرکەوتوو بووە.
مادە 2) سزای مەستی و هەرزەیی لە دە ڕۆژەوە تا یەک مانگ بەند وێڕای کار و لە پەنجاوە تا دووسەد زەربە شەلاخە. لە شەلاخکاریدا، هەر نۆبە شەلاخ نابێ لە پەنجا دانە زیاتر بێت.
مەستی لە زۆربەی وڵاتاندا سزای هەیە و یاسای سزای کوردستانیش بە پێرەوی لە یاسای وڵاتانی ئیسلامی، سزای بەندی کورت خایەن و شەڵاخی بۆ داناوە. سیستەمگەلی سزایی وڵاتانی پێشکەوتوو، کارکردن لە بەندیخانەیان بە پێویست زانیوە تا بەم جۆرە کەسی بەندکراو بتوانێ لە کارەکەی خۆی سوودێ وەربگرێ و

20- دەستووری ژومارە 16-1325/2/1، کومیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، پەسەندی یاسای سزایی، ساڵی 1325.


www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

هەروەها لە گەندەڵی و فێربوونی فەرهەنگە خراپەکانی نێو بەندیخانە تا کاتی ڕزگاری لە ئەماندا بێ.[21] لە سەدەی هەژدەهەمەوە تا ئەمڕۆ پێڕەوانی ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی مافناسی بەردەوام ئەم ئەسڵە گرینگەیان بە پایەدارانی دادوەری ڕاگەیاندووە و پێداگرییان لەسەر ئاکامی خراپی بەندیخانە لەسەر تاوانباران بە بێ ئەنجامی کار کردووە. مادەی دووهەمی یاسای سزای کوردستان ئەم ئەسڵەی ڕەچاو کردووە و کار لە بەندیخانەی بۆ بەرگری لە ئاکامە خراپەکانی ناو زیندان بە پێویست زانیوە کە دادوەر بە پێی یاسا دەبێ لە بڕیاری سزایی خۆیدا بیگوونجێنێ.

مادەی دووی یاسای سزای کوردستان شەلاخی وەک سزایەکی تەواوکەر وێڕای بەندکردن(کۆی سزا)، بەسەر تاوانباراندا سەپاندووە کە شەلاخ لە پەنجاوە تا دووسەد زەربە بە پێی بارودۆخ و ڕادەی مەترسی تاوانەکە، لە لایەن دادوەرەوە دابین دەکرێ. پێویستە ڕوونی بکەمەوە کە سزای شەلاخ پێش ئەوەی تەنێ کردنی تاوانبار بێ، سووکایەتی کردن بە جەستەی مرۆڤە و لە وڵاتگەلی ئیسلامیدا نەبێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو باوی نەماوە و لە یاساکانیاندا دەرهاوێژراوە. بۆ نموونە مەستی لە مادەی174 یاسای سزای ئیسلامی ئێران هەشتا زەربە شەلاخی هەیە کە بە پێی شەرع و ئەحکامی قورئان داندراوە. وێکچوون و هاوشێوەیی حوکمی شەلاخ بۆ مەستی لە یاسای سزای ئێران و یاسای ئەوکاتی کۆماری کوردستان بە پێی بڕیارە شەرعیەکانی ئیسلام، بەڕوونی دیارە.

ئەمڕۆ لە سیستەمەکانی حقووقی دیکەدا مەستی سزای شەلاخی نییە. بۆ وێنە لە حقووقی ئینگلیز کە پێڕەوی سیستەمی کامێنلایە مەستی تەنانەت ئەگەر هۆکاری سەرەکی بنیادەم کوشتنیش بێت(ببێتە هۆکاری کوشتن)، ئەگەر دوای لێکۆڵینەوە لێکدراوە کە بەرتاوان قەست و تەمای کوشتنی کەسی نەبووە و لەپێشیشدا خۆی بۆ ئەنجامی ئەم کارە ناڕەوایە(کوشتنی ئینسان) مەست نەکردووە و لە ئاکامی مەستی و لە کاتی ئەنجامی تاواندا هۆش و بیری تێکچووە، تەنیا سزای بەندی دەدەنێ و شەلاخێ لە گۆڕیدا نییە.[22] لە حقووقی فڕەنسا وەک وڵاتێکی پێڕەوی سیستەمی ڕۆمی- ژێرمەن، مەستی بە پێی ڕادە و چلۆنایەتی ئەنجامی تاوان، سزای نەغدی و بەندی بۆ داندراوە و سزای شەلاخ لە ئارادا نییە.[23]

دووپاتی دەکەمەوە کە سەپاندنی شەلاخ بە سەر تاوانباراندا تەنیا لە وڵاتانی پاشکەوتوو دەبینرێ و سووکایەتی کردنە بە گیانی ئینسان و هیچ قازانجیکی ئەوتۆی سزایی تێدا بەدی ناکرێ و بوونی شەلاخ لەناو کۆمەڵە یاسای سزای کۆمار دەگەڕێتەوە بۆ باڵکێشانی ئەحکامی ئیسلام بە سەر وڵاتی کوردستان و بە گشتی ئێران.

وێدەچێ کە وشەگەلی مەستی و هەرزەگەری لە دەسپێکی مادەی دوودا پێکەوە هاوریز و هاومانا بن بە شێوازێ کە هەرزەیی ئەو کارانەیە کە دوای مەستی، کەسانی مەست لە خۆیانی نیشان دەدەن. قەبووڵ و سەلماندنی ئەوەیکە ئەم وشانە لە ماناد‌ا جیاوازن و یان لە بۆچوونی لێژنەی یاسادانەردا مەستی و هەرزەیی وەک دوو تاوان چاو لێکراوە، تۆزێ ئەستەمە. دانانی یەک سزا بۆ مەستی و هەرزەیی بەڵگەی ڕوونی ئەوەیە کە ئەم وشانە لە مادەی دوودا هاومانا هاتوون و دوو تاوانی جیاواز نین. ڕەنگە تاقمێک، هەرزەگەری بە مانای ئەنجامی کاری ناشیرین و دژی ئەکار و ئابڕووی ئینسان بزانن و تاوانێکی جیاواز و تایبەتی بە ئەژمار بێنن و نووسینی پیتی و لە نێوان مەستی و هەرزەیی کە لێکیان جیا دەکاتەوە وەک بەڵگە بێننەوە، بەڵام بە ڕای من بۆچوونی یەکەم زیاتر دەگوونجێ و بەسەر ڕای دووهەمیدا هەیە. وێنەی ئەم جۆرە یاسا ناجۆر و ناڕێکانە کە پێویستی بە توێژینەوەی زۆرە، لە وڵاتانی ئیسلامی و بە تایبەت ئێران یەگجار زۆر دەبینرێ.

ماده 3) دزین یا لەناوبردنی مالی دەوڵەت، سزای سێدارە یا دەس بەسەرداگرتنی سامانی بەرتاوان بە قازانجی دەوڵەت یا زیندان لە دوو مانگ تا بەندی هەتایی و لابردنی هەمیشەیی لە خزمەتی هەیە. کەسانێ کە ڕێگری(چەتەیی) و دزی چەکداری ئەنجام بدەن هەر ئەم سزایەیان بەسەردا دەسەپێ.

دانەرانی یاسای کوردستان دزی و لەناوبردنی سامانی دەوڵەتیان وەک تاوانێکی گرینگ هیناوەتە بەر باس. وا هەست دەکرێ کە نووسەرانی مادەی سێ بە گوونجاندنی وشەی یا لە دەستەوشەی«دزین یا لەناوبردنی ماڵی دەوڵەت»دا تۆفیرێکیان لە نێوان ئەم دووتاوانە دانەناوە. ئاشکرایە کە دزین و لەناوبردنی سامانی دەوڵەت دوو تاوانی جیاوازن و پایەکانی پێکهێنەری ئەم دوو تاوانەش لە ڕوانگەی حقووقیەوە لە یەکتری جودان. یاسای سزای وڵاتانی دەرەکی ئەم جیاوازییەیان ڕەچاو کردووە کەچی لە یاسای کوردستاندا چاوپۆشی لێ کراوە کە ڕەخنەیەکی ڕوونە و لە مادەی سێ دەگیرێ. تاریفی تاوانی دزینی ماڵی دەوڵەت، باشتر ئەم ڕەخنەیە دەنوێنێ.

---

21- فەرهەنگ پەزیری لە ناو بەندیخانە بە گشتی هەر جۆرە ئاکار، نەریت، فەرهەنگ و وردەفەرهەنگێ لەخۆ دەگرێ کە لە دەورانی مەحکوومیەتی تاوانباردا، بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەفتاری بەندکراو دادەنێ.

22- ئاریانکلۆر،بارام،وەرگێرانی بەشێ لەنووسراوەکانی حقووقی سزای ئینگلستان،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی مەجد،تاران،ساڵی1380،ل 274-275.

23- بڕوانە؛ مادەکانی 1-19-222 و 1-6-221 یاسای سزای فڕەنسا.



www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

دزینی ماڵی دەوڵەت[24]یانی؛ هەڵگرتنی زیندەماڵ و مردە ماڵ لە لایەن مووچەخۆرانی ڕەسمی و غەیرەڕەسمی حکوومی بە قازانجی خۆ یا کەسانی دی، کە ئەم سامانە دەوڵەتیە بە گوێرەی ئەرکی کاری پێیان سپێردراوە.چاوخشاندنێ بەم تاریفە دەری دەخا کە ئەم تاوانە تەنیا لە لایەن مووچەخۆرانی دەوڵەتیەوە بە ئەنجام دەگا و دەبێ لە تاوانی لەناوبردنی ماڵی دەوڵەت کە هەر کەسێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی پلەوپایە(دەوڵەتی و غەیرەدەوڵەتی)دەتوانێ ئەنجامی بدا، جوێ بکرێتەوە. یانی ئەمانە دوو تاوانن کە دەبێ لە دوو مادەی تایبەتدا بێنە بەر باس.

ئاماژە بە سزای سێدارە، دەس بەسەرماڵداگرتن و بەندکردن وێرای لەسەرکار لابردنی هەتاهەتایی مووچەخۆرانی حکوومەتی لە مادەی سێدا ئەو دەرەتان و مەجالە بە دادوەر دەدا کە بە هەڵسەنگاندنی تاوان، سزای بەجێ و شیاو بەسەر تاوانبارا بسەپێنێ.

دوو ڕەخنەی کە دەکرێ لە مادەی سێ بگیرێ یەکێ قورسی سزای سێدارە بۆ دزینی ماڵی دەوڵەتە و دووهەم سزای بەندی دوومانگ تا هەتاهەتایە کە مەودای نێوان ئەم دووانە(دوومانگ تا کۆتایی ژیان) بە هێچ جۆرێ یەک ناگرێتەوە و هاوڕێژەییەکی عەقڵانی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ. شایانی باسە کە یاسادانەرانی کوردستان لەمەڕ لابردنی هەمیشەیی مووچەخۆر بە پێی ئەنجامی تاوان لەسەرکار کە دەبێ وێرای سزای بەند(سزای ئەسلی) بەسەر تاوانباردا بسەپێ هەر وەک یاسای وڵاتانی دیکە رەفتاری کردووە و لەگەڵیانا هاوبیر بووە.

بابەتێ کە دەبێ تۆزێ بە سەر سورمانەوە باسی بکەم کاری نووسەرانی یاسای سزای کوردستانە لەمەڕ دابین کردنی دوو تاوانی دیکە زێدە بەر دوو تاوانی سەرەتای مادەکە. یانی کۆی چوار تاوان لە مادەیەکی سزاییدا و دانانی یەک سزا بۆ هەموویان. شاندی باڵای کوردستان لە مادەی سێدا بێجگە لە دزینی ماڵی دەوڵەت و لە ناوبردنی ماڵی دەوڵەت، دوو تاوانی ڕێگری(چەتەیی) و دزی چەکداریشیان گوونجاندوەتە ناو مادەی سێ و هەمان سزاشیان بۆ داناوە.

وینەی ئەم جۆرە قانوون نووسینە و چەپاندنی چوار تاوان لە مادەیەکدا لە هیچ یاسایەکی سزاییدا بەدی ناکرێ و ڕەخنەیەکی گەورە و بەرچاوی مادەی سێی قانوونی کوردستان بە ئەژمار دێ. تەنانەت خوینەران دەتوانن بۆ نموونە پروانە یاسای وڵاتێکی پاشکەوتووی وەک ئێران کە لە یاسای سزادا ئەم جیاوازیەیان رەچاو کردووە. مادەی5 قانوون سزای ئەنجامدەرانی بەرتیل خۆری و کلاوبەرداری، دزینی ماڵی دەوڵەتی(ئیختلاس) هێناوەتە بەر باس و هەر بەم جۆرە مادەی686 و 687، سزای لەبەین بردنی سامانی دەوڵەتی دابین کردووە و ڕێگری لە مادەی 653 و دزی چەکداری لە مادەی651 هاتۆتە ئاراوە و بەم شێوازە لێک جودا کراونەتەوە. وڵاتی چین لە مادەی 382 بەولاوەی یاسای سزای خۆیدا ئاماژەی بەم تاوانە جۆراوجۆرانە کردووە.[25] ئەم جیاوازیانە لە هەموو وڵاتانی پاشکەوتوو و پێشکەوتوو بە باشی ڕەچاو کراوە.

مادە 4) زۆرەملی و کەڵەگایی کردن لە هەمبەر هاوسەر یا کەسانیتر، سزاکەی یەک ساڵ بەند وێرای کارە و هەروەها دانەوەی ئەو شتانەی بە زۆرەملی وەرگیراون.

لە سەرەتای مادەی چواردا زۆرەملی و بەدرەفتاری لە گەل هاوسەر یا کەسانی دیکە هاتوەتە گۆڕێ و یاسادانەرانی کوردستان ئەم کارەیان ڕەد کردوەتەوە. یەکێ لە بەهێزترین خاڵەکانی ئەم مادە سزاییە، ئاماژەدان بە ئازاری هاوسەرە کە هەر لە کۆنەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری وەک ڕوسمێکی خەراپ باو بووە.[26]دانانی مادەی چوار نیشانەی ڕێزدانان بۆ پێگە و کەسایەتی ژنانە لە لایەن یاسادانەران و بەرێوەبەرانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان. ئەم خاڵە گرینگە، یەکێ لە دەسکەوتە هەرە بەنرخەکانی حکوومەتی کوردستانە لە ساڵانی1324 و نووسەرانی کورد دەبێ وەک دیاریەکی بەنرخ لە شۆناسەکانی دێموکراتیکی کۆمار، هەردەم یادی بەرز ڕابگرن.

مادەی چوار بە تەواوی هاودەقە لەگەڵ یاساگەلی نوێی جیهانی و سیستەمە پێشکەوتووەکانی حقووقی ڕۆمی- ژێرمەن و کامێنلا. بۆ وێنە یاسای سزای ئینگلیز ئازاردانی هەرکەس و بە تایبەت هاسەری قەدەغە کردووە. یەکێ لە شێوازەکانی ئازاری هاوسەر لە ئینگلستان ژن هێنانی دووبارەیە بەسەر ژنی هەوەڵدا(ژن بەسەر هێنان). ئەم کارە ئازاردانە و بە تاوان دەژومێردرێ واتە هیچ کەس ناتوانێ هاوکات دوو ژنی هەبێ. یاسای ئەم وڵاتە لەم بارەوە نووسیویە:«ئەگەر پیاوی هاوسەردار لە دەورانی ژیان لەتەک هاوسەریا، ژنێکی دیکە بێنێ(زەماوند بکا) ئەم کارە تاوان بە حەساو دێ.»[27] یاسای ئینگلیز دزی کردن لە هاوسەریشی لەلایەن مێردەوە

---

24- مەبەست ئیختلاسە یانی دزی مووچەخۆرێک لە سەرمایەی ئەو ڕێکخراوەیە کە تێیدا کار دەکا.
25- مادەکانی 382 تاکوو 396 یاسای سزای کۆماری خەلقی چین.
26- مادەی چوار زۆرتر مەبەستی قەدەغەکردنی لێدان بە نیازی تەنبێ کردنی ژنان لە لایەن پیاوان و لە کۆمەڵگای کوردەواری بووە.
26- It is an offence if anyone, being married shall marry any other person during the life of the former husband or wife...


www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

هێناوەتە بەرباس و بە جۆرێ ئازاری ناڕاستەوخۆی ژنی زانیوە و لەم بارەوە نووسیویە:«بە پێی قانوون بۆی هەیە مێرد بە تۆمەتی دزی لە هاوسەر بکەوێتە بەر شوێنگری و لێکۆڵینەوە...».[28]

سزای ئەم تاوانە بە لەبەرچاوگرتنی ستانداردەکانی ئەورۆکە زۆر باشە و کارکردنی کەسی بەندکراو لە بەندیخانە خاڵێکی دیکەی چاکی مادەی چواری یاسای سزای کوردستانە. دووپاتی دەکەمەوە کە مادەی چوار نیشان لە جێگربوونی ئەسڵی هاوسانی ژن و پیاوە لە نێو میللەتی کورد و هەنگاوێکی گرینگە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای ئازاد بە بێ لەبەرچاوگەرتنی جنس، ڕەگەز، پێست، زمان و... .

ماده 5) بەکارهێنەرانی تریاک لە گشت مافە کۆمەڵایەتیەکان بێ بەش دەکرێن و مووچەخۆرانی بەکارهێنەری تریاکێش دوای یەک ساڵ زیندان بەکارەوە، لە خزمەتی دەوڵەتی دەر دەکرێن.

بەکاربردن و کێشانی مادەی هۆشبەر (تریاک) لە یاسای کوردستاندا، سزای بێ بەش بوون لە مافی کۆمەڵایەتی و بە واتایەکیتر مەرگی مەدەنی[29]بۆ دابین کراوە. ئەم سزایە لە جیهانی نوێدا باوی نەماوە و سەپاندنی بەسەر تاوانباراندا جێگەی مەترسیە چوون لە ڕاونگەی مافناسیدا ئەم سزایە هیچکام لە ئامانجەکانی سزادانی تاوانباران وەدی ناهێنێ. هێشتا وڵاتگەلێکی دواکەوتوو هەن کە ئەم سزایە بەسەر تاوانباران دەسەپێنن. بۆ نموونە وڵاتی ئێران لە مادەی20 یاسای سزایی نووسیویە:

«بێ بەهرە بوون لە بەشێ یان تەواوی مافی کۆمەڵایەتی و دانیشتنی زۆرەکی لە ناوچەیەکی دیاریکراو یا قەدەغەکردنی دانیشتن لە هەرێمێکی تایبەت، دەبێ هاورێژ بێ لەگەڵ تاوان و هەروەها تایبەتمەندیەکانی تاوانبار و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی قانوونی...». لە سیاسەتی سزایی نوێدا ئەم ئەسڵە قەبووڵ ناکرێ کە کەسانێ هەرچەند تاوانباریش بن لە مافی کۆمەڵایەتی تەنانەت بۆ ماوەیەکیش بێ بەش بکرێن. وڵاتی فەرەنسا پێشتر و لە سەردەمانی سەدەی حەڤدە ئەم سزایەی بەسەر تاوانباراندا دەسەپاند کە بزووتنەوە و شۆرشی گەورەی خەڵقی فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەم، ئەم سزایەی بۆ هەمیشە قەدەغە کرد.

لە مادەی پێنجەمی یاسای سزای کوردستاندا هاتووە کە ئەگەر تاوانبار مووچەخۆری دەوڵەت بێ بۆ زیادکردنی سزاکەی، بێجگە لە بێ بەهرە کردن لە تەواوی مافی کۆمەڵایەتی، سزای بەند و دەرکردن لە خزمەتی دەوڵەتیشی بەسەردا دەسەپێ. دابین کرانی سزای تەواوکەر لە یاسای کۆمار و سەپاندنی بە سەر تاوانبارانی مووچەخۆردا، پێگەی بەرزی کاربەدەستانی دەوڵەتی نیشان دەدا یانی ئەم مەقاماتە هەردەم دەبێ پێبەندی ئاکاری جوان و پێرەوی ڕەوشتی ئینسانی بن. ئەم حەقیقەتە ئەمڕۆ لە نێوان مووچەخۆرانی ئیداری ئێران بە هیچ جۆرێ نابینرێ.

ماده 6) هەڵاتن لە خزمەت لە کاتی شەڕدا و چەک تەحویل دان بە دوژمن، سزاکەی سێدارەیە.

ئەم تاوانە تایبەت بە کەسانی نیزامیە(ئەرتەشی). وێدەچێ یاسادانەرانی کوردستان، چەک تەحویل دان بە دوژمنیان وەک ئاکامی ڕاستەوخۆی هەڵاتن لە شەڕ زانیبێ، بەڵام بە پروای من هەڵاتن لە خزمەت لە کاتی شەڕ و چەک تەحویل دان، دوو تاوانی جودان و هێنانی پیتی" و" لە مادەی شەشدا، ڕاستی ئەم باوەڕە بەهێزتر دەکا. هەر دوو تاوانی هەڵاتن لە خزمەت و چەک تەحویل دان پێویستیان بە نەتیجە و دەسکەوتەو دوای گەیشتن بە ئاکام سزای سێدارەیان بەسەردا دەسەپێ. بە پێی نووسینی مادەی شەش، هەڵاتن لە خزمەت دەبێ لە وەختی شەڕدا بێت بەڵام وێدەچێ کە تەحویل دانی ئەسڵەحە پێوێستی بەم مەرجە نەبێ یانی پێویست ناکا لە زەمانی شەڕدا چەک تەحویل بدرێ و خۆ ئەگەر لە کاتی ئاسایش و هێمنایەتی وڵاتیشدا چەک تەحویلی دوژمن درێ، دەکەوێتە چوارچێوەی مادەی شەشی یاسای سزای کوردستان.

پەسەندی مادەی شەش بۆ سزادانی نیزامیەکان، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەڵ ئەمنیەتی بوونی هەرێمی ژێردەسەڵاتی کۆمار، بارودۆخی کۆمەڵگای کوردی و هەڕەشەی هێرشی لەناکاوی حکوومەتی ناوەندی بۆ سەرکوتی بزاڤی کورد، دڕدۆنگی و نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان تاقمێک لە سەرۆک عەشیرەکان و هتد.

مادەی 435 یاسای سزای کۆماری خەڵقی چین هەڵاتن لە خزمەتی نیزامی و لە زەمانی شەڕدای بە سێ تا حەوت ساڵ سزا داوە.[30] لە مادەی 423 یاسای سزای چین تەحویل دانی ئەسلەحە بە دوژمن، بە پێی ئەوەی کە کاتی شەڕ بێت یان نا، سزای تایبەتی بۆ دابین کراوە.[31]

---

27- Under a Statute, a husband can be prosecuted for stealing from his wife...

28- Civil death

30- مادەی 435: هەرکەس بە پێچەوانەی قانوونی خزمەتی نیزامی، لە خزمەتی نیزامی هەڵێ و هەڵاتن لە کاتی ئەستەم و دژواردا ڕووی دابێ، بە سزای بەند کە زۆرتر لە سێ ساڵ نەبێ یان سزای قۆڵبەستی سزایی مەحکووم دەکرێ. هەرکەس لە زەمانی شەڕدا ئەم تاوانە ئەنجام بدات، سێ ساڵ بەند کە دەکرێ کەمتر بێ تا نەهایەت حەوت ساڵی بە سەردا دەسەپێ.

31- مادەی 423: هەر نیزامیەک کە بێ خواست و ویستی دەروونی و بۆ پاراستنی گیانی خۆی،لە مەیدانی شەڕ چەک تەحویلی دوژمن بدا و خۆی ڕادەستی دوژمن بکا، بە بەندی سێ ساڵ کە دەتوانێ کەمتر بێ تا نەهایەت دە ساڵ مەحکووم دەبێ، ئەگەر هەلومەرجەکە ئەستەم و دژوار بێ، ئەنجامدەر بە سزای بەند کە نابێ کەمتر لە دە ساڵ بێ یان بەندی هەتایی مەحکووم دەبێ.



www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

ماده 7) خەیانەت[32] بە میللەت یا دەوڵەت یا وەتەن سزاکەی سێدارەیە. ئەگەر بەڵگە بۆ کەم کردنەوەی سزای تاوانبار لە بەر دەستا بێ، مادەی یەکەم پێرەو دەکرێ.

مادەی حەوتەم خەیانەتی لە پانتاییەکی بەرفرەواندا باس کردووە کە دوای سەلمیانی تاوان، بڕیاری سێدارە بۆ تاوانبار دەر دەکرێ، بەڵام ئەوەیکە خەیانەت چییە و بە چ ئاکارێ دەگووترێ و وێنەگەلی کامانەن، لە لایەن دانەرانی قانوونی سزای حکوومەتی خودموختاری کوردستان ڕوون نەکراوەتەوە.

سیاسەتی سزایی زۆربەی وڵاتانی جیهان لە مەڕ شێواز و چۆنیەتی جیاوازی سیخوری لە خەیانەت، ڕوون نییە و نووسەرانی بواری مافناسی لەبارەی بوون یان نەبوونی خەیانەت وەک تاوانێکی نوێ،تووشی دڕدۆنگی بوون.[33] دەستەیەک لە مافناسانی ئێران، خەیانەت بە تاوانێکی نوێ نازانن و بەڵگەشیان ئاماژە نەکردن و ناونەبردن لە خەیانەتە لە نیو یاسای سزای ئێران، بەڵام لە ڕوانگەی تاقمێکی دیکەش تاوانگەلێ وەک؛ داڕشتنی گەڵاڵەی ڕووخانی حکوومەت، هاوکاری و یارمەتی دوژمنانی ئێران و دانی(پێدان) نهێنیەکانی سیاسەتی ناوخۆ بە وڵاتانی دەرەکی و... وێنەی بەرچاوی خەیانەت بە ئەژمار دێن.

لە قانوونی سزایی کوردستان، سیخوری و خەیانەت لێک جیا کراونەتەوە و لە سیاسەتی سزایی هەر وڵاتێکا ئەم جیاوازیدانانە، کارێکی شیاوە. پێویستە ڕوونی کەمەوە کە فەرقی نێوان تاوانی خەیانەت و سیخوری دەگەڕێتەوە بۆ ڕاژێری ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە. لە تاوانی خەیانەتدا، تاوانبار ڕاژێری وڵاتی خۆی هەیە لە کاتێکا کە سیخوری زەمانێ وەک تاوان مانا بە خۆوە دەگرێ کە ئەنجامدەری تاوان، ڕاژێری وڵاتی بێگانەی هەبێ. کەم کەس ئەم فەرق و جیاوازیە بنەڕەتیەی نێوان سیخوری و خەیانەت ڕەچاو دەکەن بەڵام بۆ ڕاستی ئەم پراویە پراونە مادەی 1-41 قانوونی جەزای فرەنسا کە فاکتەری "ڕاژێری" وەک مەرجی سەرەکی ئەم جیاوازیە ناودێر دەکا.

لە ڕەواڵەتی مادەی حەوتەم وا دەردەکەوێ کە وشەگەلی میللەت یا دەوڵەت یا وەتەن هاومانان و مەبەستی یاسادانەرانی کوردستان لە هێنانی سێ وشەی هاومانا لە یەک ڕیزا زۆر ڕوون نییە بەڵام وێدەچێ ئەم وشانە لە یەک مانادا بەکار هاتبێن. لە واقیعدا نووسین و بەکاربردنی وشەی "یا" لە مادەی حەوتدا جیاوازی مانایی میللەت، دەوڵەت، وەتەن بێڕەنگ دەکا.[34]

مادەی حەوت هێناویە کە ئەگەر بەڵگە بۆ کەم کردنەوەی سزای تاوانبار یان تاوانباران لە بەر دەستی دادوەردا هەبێ بۆ کەم کردنەوەی جەزا، مادەی یەکەم پێرەو دەکرێ، بەم شێوازە کە سزای سێدارە جێی خۆی دەدا بە داگیرکردنی ماڵی تاوانبار بە قازانجی دەوڵەت و بەندی شەش مانگ تا هەتاهەتا وێڕای کاری زۆرەکی لە ناو بەندیخانە. لێرەشدا ئەم ڕەخنەیە دێتە ئاراوە کە کەم کردنەوەی جەزیای تاوانباران بە چ پێوەر و تا چ ڕادەیەکە و لە ڕاستیدا مەرجەکانی کەم کردنەوەی سزای تاوانباران لە یاسای کوردستاندا کامانەن کە لە مادەی یەکەمدا ئەم ڕەخنەیە باس کراوە و پێویستی بە دووپات کردنەوە نییە.

ماده 8) دەسدرێژی بۆ ناموسی خەڵک، بە پێی قانوونی پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەندی سزا دەدرێ.

وشەی دەسدرێژی لە مادەی هەشتەمدا مانایەکی بەربڵاو بە خۆوە دەبینێ، بە شێوازێ کە هەر جۆرە ئازارێکی ناموسی لە خۆ دەگرێ. ئەم مادەیە دەکرێ بخسترێتە ڕیزی بڕیارەکانی دەرکراوی حاجی بابەشێخ و شاندی یاریدەدەری لە مەڕ ڕفاندن و هەڵفریواندنی کچان و ژنان و ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێ کە سزادانی ئەم تاوانەیان، بە پێی قانوونی پەسەندکراوی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان داناوە.

دەبێ ئاماژە بەم بابەتە بدەم کە دەسدرێژی کردنە سەر ماف، ئازاردانی منالان، وە مەترسی خستنی ئابروو و شەرەف و... هەموویان دەچنە پانتایی بەرفرەوانی مانای ناموسەوە لە مادەی هەشتەمدا.

یاسای جەزای ئێران دەسدرێژی کردنە سەر ناموس و ئازاری ژنان و منالانی لە مادەی 619 هێناوەتە بەر باس و سزای بەندی دوو تا شەش مانگ و تا حەفتاوچوار زەربە شەلاخی بۆ داناوە.

ماده 9) بەرتیل خۆری بە پێی قانوونی پەسەندکراوی لێژنەی وەزیران سزا دەدرێ.

هەروەک لێرەشدا دەبینرێ ئەو تاوانەی سەرۆک وەزیر و ئەندامانی کابینەی کوردستان بڕیاریان لەسەر داوە، لە یاسای سزای کوردستاندا جەزای بۆ دیاری نەکراوە.تاوانی بەرتیل دان و بەرتیل گری، سێهەم بڕیاری دەرکراوی ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆمار بوو کە لە باسەکانی پێشوودا شی کراوە و دووپاتی ناکەمەوە. مادەی9 یاسای سزای کوردستان دوو بەندی هەیە کە لە بڕیارەکانی سەرۆک وەزیراندا نەهاتووە. دوو ڕوون کاری مادەی9 بەم شێوازەن:

بەندی1) تەواوی مەحکوومانی دوکتۆر، کارناس، دیپلۆم و دیپلۆمی ناتەواو کە دەورانی مەحکوومیەتی خۆیان تێپەڕ دەکەن لەسەریانە بە پێی ڕای بەرپرسان، ڕۆژانە شەش کاتژمێر کار بکەن. ڕۆژی پشوودان و وچان دەس لە کار دەکێشرێ.(لە ڕۆژی پشووداندا کار ناکرێ)

---

31- Treason

33- مەجیدی، سەید مەحموود، تاوانەکانی دژی ئەمنیەت، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی میزان، ساڵی 1386، تاران، ل 107.

34- ڕەچاونەکردنی ئەم جیاوازیە لە بۆچوونی مافناسیا دروستە و بۆی هەیە مانای ئەم وشانە لە بوارەکانی دیکەی زانستی و لە باری ئاکادێمیکەوە تۆفیریان هەبێ کە شی کردنەوەی ئەم بابەتە لە باسی وتاری مندا ناگوونجێ.


مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە www.helwist.com

بەندی2) ئەگەر ئەفسەران و ئەندامانی هێزی دیمۆکراتی کوردستان و سیخورانی وڵاتانی بێگانە، یەکێ لەم تاوانانە ئەنجام بدەن لە مەزرینگەی وەزارەتی شەڕ(دادگای نیزامی) دادگایی دەکرێن.
بەندی یەکەمی مادەی نۆی یاسای سزای کوردستان بۆ بەکارهێنانی هەرچی باشتری هێزی چینی خوێندەوار لە دەورانی مەحکوومیەتیان، هزرێکی نوێی مافناسانەی لە دەروونڍا حەشار داوە. بێگومان کارکردنی کەسانی خوێندەوار لە سەردەمی تێپەڕکردنی مەحکوومیەت، کاریگەری خەراپی بەندیخانە لە سەر ئەوان کەم دەکاتەوە و هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستیە هێزی کار و خوێندەواری ئەم تاقمە لەناو بەندیخانە، قازانجێکی زۆری بۆ حکوومەت دەبێ. نابێ لە یادی بکەین کە دەکرێ لە هێزی کاری ئەم تاقمە خوێندەوارەو بەگشتی هەر تاوانبارێکی ناو بەندیخانە، پێویستیەکانی بنەماڵەی بەندکراویش دابین بکرێ. لە بەندی یەکەمدا مەحکوومانی خاوەنی پروانامەی کارناسی باڵا لە بیر چوون کە دەبا بنووسرایە.
بەندی دووی مادەی نۆی یاسای سزای کوردستان، لێپرسینەوە لە ئەفسەران و ئەندامانی ئەرتەشی(نیزامی) و هەروەها کەسانی بێگانەی بەرتاوان بە سیخوری، خستۆتە ئەستۆی دادگای نیزامی. هەرچەند لێپرسینەوە لە تاوانە نیزامیەکان وەئەستۆی دادگای نیزامیە، بەڵام گوونجاندنی ئەم بابەتە و هێنانی یاساگەلی تایبەت بە دادپرسی لە سیاسەتی سزاییدا شیاو و پەسەند نییە.
لە کۆتایی ئەم باسەدا دەبێ بڵێم کە تەنیا تاوانەکانی تایبەت بە کەسانی نیزامی لە دادگای نیزامی لێپرسینەوەیان لێ دەکرێ و ئەرکی لێپرسینەوە لە تاوانی گشتی نیزامیەکان یان بە واتایەکیتر تاوانی غەیرەنیزامی کەسانی نیزامی وەکوو دزی، قەتڵ و... وەئەستۆی دادگای گشتیە.

## دەسکەوت و بەرهەمی ئەم وتارە

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵە یاسای سزایی حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران، ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ کە پەسەندکردنی قانوونی سزا لە ماوەیەکی کورتی330 ڕۆژە و بۆ کۆمارێکی تازە پێگرتوو لە ڕەوتی سیاسەتی سزاییدا، بێگومان لەوە باشتر نابێ. لە بیر مەکەن کە ڕەوتی یاسادانانی سزایی، هەوڵ و تەقالایەکی بێوچانی چەندساڵەی پسپۆرانی بواری مافناسی دەوێ کە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری، سیاسی و... ئەم کارە گرینگە بە ئەنجام بگەیەنن. یاسای سزای هەر وڵاتێ، دەبێ پارێزەری داب و نەریت و بایەخەکانی سەلمێندراوی شارۆمەندان بێت و بەرە بەرە بێتە ناو دڵی کۆمەڵگاوە.
بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە کۆمەڵە یاسای سزای حکوومەتی کوردستان جیا لە ڕەخنەگەلێ کە بەسەریا دەسەپێ، کۆمەڵێ بایەخ و ئەندێشەی نوێشی تێدا بەدی دەکرێ.
نەبوونی ڕیزبەندی دروست، کەم بوونی ژمارەی تاوانەکان، نەهێنانی تاوانگەلێکی گرینگ وەکوو کوشتن(قەتڵ) و وێرانکاری و...، سەپاندنی یەک سزای تایبەت بەسەر چەند تاوانی جیاواز لە مادەیەکدا، تاریف نەکران و ڕوون نەبوونی وێنەگەلی تاوانی سیخوری و خەیانەت و هتد، هەروەها دابین نەکرانی مەرج و ستانداردێ بۆ کەم کردنەوەی سزای تاوانباران، سەپاندنی سزای قورسی سێدارە و بەندی هەتاهەتا بە بێ ڕەچاوکردنی هاوڕێژی نێوان تاوان و سزا و گوونجاندنی یاساگەلی تایبەت بە دادپرسی لە ناو قانوونی سزاییدا، گەورەترین و بەرچاوترین ڕەخنەگەلێک بە ئەژمار دێن کە لە یاسای سزای کوردستان دەگیرێن. بەڵام لە بەرێکیتر وەگەڕخستنی ڕەهەند و ڕەوتی یاسادانان لە ماوەیەکی کورت، جوداکردنەوەی وشەکان و هێنانیان لە جێگای تایبەت، دانانی سزای تەواوکەر، دابین کرانی کاری زۆرەکی لە دەورانی مەحکوومییەت بۆ بەرگری کردن لە کاریگەری خراپی بەندیخانە لەسەر تاوانبار، پێداگری لە سەر هاوسانی تاکەکان و ڕێزگرتن لە کەسایەتی ژنان لە کۆمەڵگای ئەودەمی کوردستان و پەسەندکردنی مادەی تایبەت لەم بارەوە و پاراستنیان لە هەمبەر پیاوان و...، بەرزترین شۆناسەکانی یاسای سزای کۆماری کوردستان بە حەساب دێت.
دیسانەکە جەخت لەسەر ئەم خاڵە گرینگە دەکەمەوە کە نابێ و ناکرێ لە کۆمارێ بە تەمەنی تەنیا یازدە مانگەوە هیوای دانانی یاسامان لە باڵاترین ئاستی موومکیندا بێ و تەنانەت ئەگەر بە ڕای کەسانێک، ئەم یاسایە لەوپەڕی ساکاریشدا هاتبێتە ئاراوە، دیسانەکە دەتوانێ بەڵگەیەکی بەنرخ و پڕبەها بێ لە هێز و توانایەکانی بەڕێوەبەرانی حکوومەتی خودموختاری کوردستان لەمەڕ پاراستنی هێمنایەتی وڵاتەوە. هاودەقی قانوونی سزای کوردستان لەگەڵ یاسای بنەڕەتی و سزایی زۆربەی وڵاتان ڕاستی ئەم پروایە دەسەلمێنێ.
لە کۆتاییدا ئاماژە بەم حەقیقەتە بە پێویست دەزانم کە داواڕەواکانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی مەرامنامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێژی و هاودەقی تەواوی لەتەک یاساگەلی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و وەگەڕخستنی ڕەهەندی دادپەروەری جەزایی بۆ پێشگری یان کەم کردنەوەی ئەنجامی تاوانەکان و هاودەقی ڕێژەیی لەگەڵ سیستەمە پێشکەوتووکانی حقووقی، خۆی نیشانێ لە سەرکەوتوویی و سەربەرزیە کە تا لەگەڕنەکەوتن و نەوستانی چەرخی زەمان، بە ناو تەختی چاوانی سیاسەتی جەزایی حکوومەتی خودموختاری کوردستان دەدرەوشێتەوە.

## سەرچاوەکان


www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە

**کتێب**

1) کۆچێرا، کریس، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێرانی محەممەد ڕیانی، چاپی دووهەم، بڵاوکراوەی سەدەف، تاران، ساڵی1369
2) مەک داوڵ، دەیوید، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی ئیبراهیم یۆنسی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی پانیز، تاران، ساڵی1380
3) مستەفا ئەمین، نەوشیروان، حکوومەتی کوردستان، وەرگێرانی سمایلی بەختیاری، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی، ساڵی2005 زایینی
4) عەبدی، سولەیمان، لێکۆڵینەوەی فاکتەرەکانی کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەر دامەزران و ڕووخانی کۆماری مەهاباد، تێزی ماستەر،زانستگای ئازادی ئیسلامی،تاران، ساڵی1384
5) خۆشحاڵی، بێهزاد، قازی محەممەد و کۆمار لە نەینووکی بەڵگە و نیشاندا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی فەردەوسی، هەمەدان، ساڵی1380
6) حەجاریان، محەممەدحەسەن، یاسای سزای کۆماری خەڵقی چین، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی مەجد، تاران، ساڵی1385
7) ئاریانکلۆر، بارام، وەرگێرانی بەشێ لە نووسراوەکانی حقووقی سزایی ئینگلستان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی مەجد، تاران، ساڵی1380
8) مەجیدی، سەید مەحموود، تاوانەکانی دژی ئەمنیەت، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی میزان، تاران، ساڵی 1386
9) تۆرابی، ئەحمەد، حقووقی سزای ئینگلستان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دونیای سەوز، تاران، ساڵی1383

**یاسا**

10) پەخشنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان
11) یاسای بنەڕەتی ئیسپانیا
12) یاسای بنەڕەتی ئیتاڵیا
13) یاسای سزای فڕەنسا
14) یاسای سزای کۆماری خەڵقی چین
15) یاسای سزای ئێران
16) ئایینی دادپرسی سزایی ئێران


www.helwist.com مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ ماڵپەڕی هەڵوێست پارێزراوە